# لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: ڕژیمی ئێران پارێزەرانی ژنان سەرکوت دەکات



سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی بەبڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێك ڕژیمی ئێرانی تاوانبار کرد کە جوڵانەوەی ژنان و ئەو هەڵسوراوانەی کە بۆ بەرابەری مافی ژنان تێ دەکۆشن سەرکوت دەکات. ئەو ڕێکخراوە داوای لە لێپرسراوانی ڕژیمی ئاخوندی کرد کۆتایی بەو سەرکوتانە بهێنن و بە پێداچوونەوە بە یاساکانی جیاوازی دانەرانە لە دژی ژنان بکەن و هەڵیانوەشێنن.

لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی خۆیدا کە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٨ی فیوریەی ٢٠٠٨ی زایینی بڵاوی کردەوە، دەنوسێ: ژنان لە ئێران لەگەڵ یاسای جیاوازیدانانی بەربڵاو بەرەو ڕوون. لە پۆستە دەوڵەتیەکاندا بەشیان نیە و وەلاخراون. بۆ وێنە ناتوانن ببنە قازی یان بۆ سەرۆکایەتیی وڵات بپاڵێورێن. ژنان لە شووکردن، یان جیابوونەوە، مافی منداڵی و میرات وەك پیاوان حیسابیان بۆ ناکرێ. لە تاوان کردنیشدا کە سزای بە دواوە بێ لەگەڵ پیاوان جیاوازیان هەیە. شایەدی ژنان لە دادگا نیوەی شایەدی پیاوێکە. پیاوان مافی هێنانی چەند ژنیان هەیە و یاسا مافی بێ ئەم لاو ئەولای بۆ جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان بە فەرمی ناسیوە، بەڵام ژنان وەها مافێکیان نیە. لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ، پارێزەرانی مافی ژنان لە ئێران ئازایانە بۆ کۆتایی هێنان بە جیاوازی یاسایی لە دژی ژنان کار دەکەن. بەڵام بە گوتەی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لێپرسراوانی ڕژیمی ئێران بە چاوی گومان دەڕواننە ئەو هەڵسورانە و تاویان داوەتە سەرکوت و ترساندنیان.

بە گوتەی لێبوردنی نێونەتەوەیی، پارێزەرانی مافی ژنان بەتایبەت ئەوانەی کە بۆ سەرنج ڕاکێشان بە جیاوازیەکانی قانوون لە دژی ژنان لە ئێران لە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەڵك وەردەگرن بەشێوەی سەرەڕۆیانە دەست بەسەر دەکرێن. ئەو ژنانە لە کاتی گرتنیان دا دەکەونە بەر ڕەفتاری خراپ و لە دەست گەیشتن بە وەکیل، خانەوادە و ڕەوشی یاسایی بێ بەش دەکرێن. لێبوردنی نێونەتەوەیی بە چاوخشاندنێك بە سەر هەڵسوڕانەکانی ساڵانی ڕابردووی تێکۆشەرانی بەرابەری و یەکسانی ژنان، نمونەگەلێکی لە پێوشوێن گرتن و موحاکەمەی ئەو هەڵسوڕاوانەی لە ڕاپۆرتی ١٤ لاپەرەی خۆیدا باس کردوە. لێبوردنی نێونەتەوەیی نووسیویەتی: زۆربەی ئەو پارێزەرانەی مافی ژنان کەوتوونەتە ژێر لێکۆڵینەوە و گیراون، بەتاوانی ئەمنیەتی تاوانبار کران. لێبوردنی نێودەوڵەتی دەڵێ لە کاتی گرتنەکاندا لەگەڵ هێندێك لە پارێزەرانی ژنان ڕەفتاری خراپ کراوە، بەڵام هەوڵی ئەوان بۆ پێداچوونەوە و پێراگەیشتن، لەگەڵ بەربەستی لێپرسراوان بەرەوروو بووە. ژمارەییێکی دیکە بێ ئەوەی تاوانێکیان هەبێ بۆ ماوەییێکی دورودرێژ زیندانی کراون و لە ژووری تاکە کەسیدا ڕاگیراون. بە گوتەی لێبوردنی نێونەتەوەیی هەرجۆرە کۆبوونەوەییێکی ئاشتیخوازانە قەدەغەیە و لە ڕێگای پۆلیس و وەزارەتی ئیتلاعات بەربەستیان بۆ دروست دەکرێن. لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی خۆیدا دەنوسێ. دەست بە سەر کردن و موحاکەمەی کەسانێك کە لێپرسراوانی ڕژیمی ئێران کاری ئەمنیەتیان دەزانن لە پێوانە نێونەتەوەییەکانی پێوەند موحاکەمەی عادیلانە، وەکو ئەوەی کە لە ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتیەکانی مافی کۆمەڵایەتی وسیاسی داهاتووە، لە خوارترە. ئەو قەراراتانە دەتوانێ ببێە هۆی زیندان کردنی هەڵسوڕاوانی مافی ژنان، پارێزەرانی مافی مرۆڤ و کەسانی دیکە.

لێبوردنی نێودەوڵەتی لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا داوا لە ڕژیمی ئێران دەکا کۆتایی بە سەرکوتی ژنان و پارێزەرانی بهێنیت و هەروەها دەڵێ: ڕژیمی ئێران ئەبێ لە ڕەفتاری کەیفەری بۆ هەڵسورانی یاسایی لە مەڕ دیفاع لە مافی مرۆڤ، یەك لەوان مافی ژنان دەست هەڵبگرێ و دەسەڵاتی یاسا لە پێوەند بە بەڵێنەکانی ئێران وەکوو واژۆگەری ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و باقی پەیمانەکانی نێونەتەوەیی پێوەند بە مافی مرۆڤ، بخاتە قۆناغی جێ بە جێ کردنەوە. لێبوردنی نێونەتەوەیی، کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت وەڵاتانێك کە پێوەندی نێزیکیان لەگەڵ ڕژیمی ئێران هەیە، بانگ دەکات کە ڕژیمی ئاخوندی هان بدەن لە بەڵێنەکانی سەبارەت بە یاسای نێودەوڵەتی وەفادار بێ و بە جیاوازی یاسایی و باقی جیاوازیەکانی دیکە لە دژی ژنان کۆتایی بهێنێ و لە هەنگاوەکانی بە پێچەوانەی یاسا، وەکوو گرتنی سەرەڕۆیانە خۆبپارێزێ.

# ڕەخنەی سێ وەڵاتی ئوروپایی لەڕادەی هاوکاری ڕژیمی ئێران لەگەڵ ناوەندی وزەی ئەتۆم



بریتانیا و فەرانسە و ئاڵمان لە دانیشتنی خۆیان دا لە ڕۆژی چوار شەممە ١٥ی ڕەشەممە، ڕەخنەیان لە وەڵامەکانی ڕژیمی ئاخوندی بە ناوەندی وزەی ئەتۆمی گرت. بریتانیا بە نوێنەرایەتی ئاڵمان و فەرانسەی ڕایگەیاند کە هاوکاری ڕژیمی ئێران لەگەڵ ناوەند بۆ ڕوون کردنەوەی بەرنامە ئەتۆمیەکە لەو پەڕی خراپی دابووە. وەڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆژی ١٥ی ڕەشەممە تأکیدیان کردەوە کە ڕژیمی ئێران ئەبێ بە پرسیارەکان لە بارەی لێکۆڵینەوەی نیزامی گەڵاڵە ئەتۆمیەکەی وەڵام بداتەوە نەئەوەی کە زۆر بە سادەیی ڕەدیان بکاتەوە.لەو بارەوە موحەممەد ئەلبرادعی بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی وزەی ئەتۆمی ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕەشەممە گوتبووی: کە پشکنێرانی ناوەند هەموو شتێکیان لە بارەی ئێرانەوە ڕوون کردۆتەوە. فەرانسە و بریتانیا و ئاڵمان لە پشتیوانانی سەرەکی سێهەمین بڕیارنامەی ئابلۆقەدانی ڕژیم لە شۆرای ئەمنیەت بوون، هاوکاری کردنی ڕژیمیان لەگەڵ ناوەند بە خراپ زانیوە. سیمۆن ئیسمیت، باڵوێزی بریتانیا لە ناوەندی وزەی ئەتۆمی کە بە نوێنەرایەتی لەلایەن ئاڵمان و فەرانسە قسەی دەکرد، گوتی: وەڵام گەلێك کە ناوەند بە دوایدا دەگەڕا دەستی نەکەوت و ڕژیمی ئێران سەرپێچی کرد. ئیسمیت زیادی کرد لە ئاکامدا ڕاپۆرتی ئەلبرادعی بۆ سێ وەڵاتی ئەڵمان و فەرانسە و بریتانیا گومان ناهێڵێتەوە کە کارنامەی ڕژیمی ئێران بۆ بەپیرەوە چوونی ئەو داوایانە خراپ بووە. پووشپەری ساڵی ڕابردوودا ڕێکەوتن، کە لە چوارچێوەی ڕوون کردنەوەدا، تاران بە پرسیارەکانی ناوەند وەڵام بداتەوە، بەڵام وەڵامەکان هەر نەدرانەوە و لە ئاکادمدا بووە هۆی دەرچوونی سێ بڕیارنامەلە دژی ڕژیمی ئێران.

سێ وەڵاتی ئوروپایی لە ساڵی ٢٠٠٦دا، پێشنیاریان بە ڕژیم کرد کە ئەوان ئامادەن لە ڕاست ڕاگرتنی پاڵاوتە کردنی ئورانیوم، یارمەتی تیکنولوژی و ئابوری بکەن. وەڵاتانی ڕۆژئاوا دەڵەن ئورانیوم پاڵاوتە کراو چەکی ئەتۆمی لێ دروست دەکرێ و ئێرانیش دەبێ لەو پێوەندیەدا ئەو بەرنامە ڕابگرێ.

بەدوای دەرچوونی بڕیارنامەی سێهەم و چڕکردنەوەی ئابلۆقەی ئابوری بە سەر ڕژیمدا، پاسدار ئەحمەدی نژاد گوتی: کە لەمە بەولاوە ڕژیمەکەی لەگەڵ هیچ کەس بێجگە لە ناوەندی وزەی ئەتۆمی هاوکاری ووتووێژ ناکات. وەڵاتانی ئەڵمان و بریتانیا و فەرانسە و ئەمریکا و چین و ڕوسیە ناسراو بە ٥+١ ڕۆژی دووشەممە ١٣ی ڕەشەممە لە ڕاگەیێندراوێکدا داوایان لە خاویرسولانا کرد کە لەگەڵ سەعیدی جەلیلی بەڕێوەبەری شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتمی ئێران لە بارەی دەست پێکردنەوەی ووتووێژ چاوپێکەوتن بکات. پاسدار ئەحمەدی نژاد ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی ڕەشەممە لەو بارەوە گوتی: ژمارەیێکی بەدەر لە ناوەند وا بیر دەکەنەوە کە ئێران ئەبێ ووتووێژ بکات، بەڵام وەهانیە، ووتووێژی ئێمە لەمەبەولاوە سەبارەبە قازانجی هاوبەشە و لە چوارچێوەی یاسادا سەبارەت بە گەڵاڵەی ئەتۆمی قسە ناکەین، ئەو مەسەلە تەواو بووە.

هاوکات باڵوێزی بریتانیا لە ناوەندی وزەی ئەتۆم بە ڕاشکاوی گوتی: نیگەرانی ئەو سێ وەڵاتە لە وەڵاران پێوەندی نیە بە ڕاپۆرتی ڕابردووی ناوەند لەگەڵ ردی ئەلبرادعی و پشکێنەرانی ناوەند لە ئێران. ناوەندی وزەی ئەتۆمی لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمی ڕژیمەوە ڕایگەیاند. ئەوەی کە ڕژیمی ئێران بەشێك لە گەڵاڵە ئەتۆمیەکەی ڕوون کردۆتەوە، بەڵام ئەو هەنگاوانە بەو ڕادەیە نەبووە کە بیسەلمێنێ ڕژیمی ئێران بە دوای چەکی کۆکوژەوە نیە.

باڵوێزی بریتانیا لە ناوەند گوتی: لە بارەی دامەزراوەی سانتریفوژەکان لە ئێران و لە بارەی نەبوونی مەودای ناوکەیی و ئەتۆم بەڕاشکاوی گوتوویەتی: بێ بەڕێوەچوونی پرۆتۆکولی بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی قەدەغەیەکردنی کەرەستەی شەڕ، دووره و نایبتەدی. پروتوکولی لکان ئیمکانی پشکنینی بەربڵاو وە ڕانەگەیندراوی دامەزراوەی ناوکەیی ئێران بۆ ناوەندی وزەی ئەتۆمی دەستەبەر دەکات.

***

# بەختەوەری لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە

ژیان و ئەندیشەی ئەرەستو هەمیشە جێگەی باسی زانایان و لێکۆڵەرەوانی کۆن و ئێستا بووە. زۆربەی ناوەندە ئاکادیمی و فیکرییەکانی جیهان کەم و زۆر لەسەر ئەو بروایەن کە لە نێو بیرمەندانی مێژوو دا ٥ کەس جێگەیێکی تایبەت و دیاریان لە دارشتن و بێچم دان بە مەعریفە و زانستی ئێستا هەیە. ئەرەستو وەك باوکی زانستی عەقڵانی، ئەستێرەناس، شیعر، ئەدەب، سیاسەت و زیندەورناسی لەسەرووی هەمووانەوەیە. چوار بیرمەندی دیکە بە تەرتیب بریتین لە ئەفلاتوون، کانت، نیچەو ڤینگشتاین.

ئەرەستو نزیکەی ٢٠ سال بوو لە ئەکادیمیا یەکێك لە قوتابیانی ئەفلاتوون بوو، ماموستاکەی ئەوی وەك بە هۆشترین و زیرەکترین خویندکاری ئاکادیمیا، ناو دەبرد. ئەرەستو لەگەڵ ئەوەی کە کاتێك هاتە ناو ئەکادیمیا تەنیا ١٧ ساڵی بوو و لەوانی تر کەمتەمەن تر بوو بەڵام بە خێرایی گەشەی کرد و لێهاتوویێکی زۆری لەخۆی نیشان دا. ئەرەستو لە زۆر باران دا توانی داهێنان بکا، بەڵام ئەوەی لەو بابەتە دا بۆ ئێمە گرینگە ڕوانگەی ناوبراو سەبارەت بە بەختەوەری مرۆڤەکانە. ئەرەستوو بە قووڵی سەبارەت بە بەختەوەری مرۆڤەکان بیری کردەوە و هەموو هەوڵەکانی مرۆڤی بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و ئاسوودەیی خستە بەر لێکۆڵینەوەییێکی جیددی. ئەرەستوو باش بیرکردنەوەییێکی زۆر بەو باوەرە گەیشت کە مرۆڤ لە ژیانیدا ٤ ئیستراتژی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەڵدەبژێری، بەڵام هەموو ئەو هەڵبژاردنانە نابنە هۆی ئاسوودەیی و بەختەوەری مرۆڤ.

١_ ستراتیژی یەکەم چێژوەرگرتنە. مەبەستی ئەو مرۆڤانەیە کە بایەخ نادەنە لایەنە ڕوحی و فیکری و کۆمەڵایەتیەکانە و تەنیا لەبیری چێژوەرگرتن دان. لەڕوانگەی ئەرەستوو چێژ وەرگرتن وەك ئامانجی ژیان، نەك هەر مرۆڤ بەختەوەر و ئاسوودە ناکات، بەڵکو لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بیمانابوون و بێنێوەرۆك بوونی ئامانجی ژیان لەلای مرۆڤی چێژوەرگر، چونکە مرۆڤی چێژوەرگر ئەوەندە لەداوا و خواستنی چێژ دا، نوقمدەبێ، کە ئیدی سنووریێکی ڕوونی بۆ چێژوەرگرتن بۆ نامێنێ و لە ئەنجام دا نەتەوێ و بتەوێ، تووشی پەچی و پەرێشانی دەبێ.

٢_ ستراتیژی دووهەمی مرۆڤ بۆ کامەرانی و بەختەوەری ، کە جێگەی پەسەندی زۆر کەسە، پارەپەرەستی و کۆکردنەوەی ماڵ و داراییە. دیارە ئەرەستوو باسی ئەوە دەکات کە هەبوونی ماڵ بە ڕادەی دابینکردنی پێویستیەکان و بەرادەی پێویست بۆ مرۆڤ عەقڵانی و پێویستە، بەڵام زێدەڕۆیی لە ماڵ کۆکردنەوە و گەڕان بە دوای بەختەوەری لەدەسبەسەرداگرتنی ماڵ و دارییدا، ئاکامێکی نابێ. بۆ نمونە ئەرەستتو دەڵێ: دیارە هەبوونی چەند جووت کەوش باشترە لە جووتێك ، بەڵام ئەوەی مرۆڤ بە دوای سەد جووت کەوش بێ، ئیدی ئەو ڕادەییە لە خاوەندارییەتی نەك چێژێکی بۆ مرۆڤ نامێنی، بەڵکو بە تەواوەتی پووچ و بێمانا دەبێ. ئەرەستوو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە گەڕان بەدوای بەختەوەری دا لە ڕێگەی دەوڵەمەندبوون کارێکی خۆرایی و بێمانانیە، چونکە ئەو هەوڵ تەنیا تەماع و چاوچنوکی و ترسی لەکیس چوونی ماڵی کۆکراوە پەرەپێدەدا و مرۆڤ ئاسوودە و ئارارم و بەختەوەر ناکا.

٣_ سێهەمین ستراتیژ، هەوڵدان بۆ بردنە سەرەوەیئاستی زانایی و تێگەیشتن و زانیاریی زیاترە. ئەرەستوو لەسەر ئەو باوەریە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن بیرە و خاوەنی بیر و هۆشێکی زیت و وریایە، کەوابوو لەڕێگەی بەدەستهێنانی مەعریفە و زانستی زیاتر و بردنەسەرەوەی ڕادەی زانست لەخۆیدا، لەگەڵسروشتی باشی مرۆڤ یەك دەگرێتەوە و ئەو ستراتیژییە دەتوانێ ببێتە هۆی بەختەوەریی مرۆڤ و بەگشتی ئەمە هەوڵێکی زۆر شیاو و گرنگە، جموجوولی تیوری لەڕوانگەی ئەرەستوو ڕێگەییێکی باشە بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەری و مانابەخشین بە ژیانی مرۆڤ.

٤) چوارەمین ستراتیژ، گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لەڕوانگەی ئەرەستوو، بریتیە لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەگشتی هەوڵی مەعنەوەیی ئەرەستوو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە ئەو ڕێگەیە باشترین و بەرزترین نرخ و بایەخی ژیانی مرۆڤە و کۆمەڵگاییێك کە ژمارەی مرۆڤی هەڵسووری سیاسی و مەعنەوەیی زیاتر بێ، هەر بەو ڕادەیەش بەختەوەر و کامەرانە. ئەرەستوو تێکۆشانی سیاسی بە چاکەیێکی گەورە دەزانێ و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ٣ ستراتیژییەی دیکە بایەخێکی کەمتریان لەم ستراتیژییە هەیە، چونکە مرۆڤ وەك "بوونەوەرێکی سیاسی" لەڕێگەی تێکۆشانی سیاسیەوە، بەسەر زۆر لەلایەنە خراپ و نیازە پەستە دەروونیەکاندا زاڵ دەبێ و بە درێژەدان بە تێکۆشانی سیاسی و تەمرینی بەردەوامی ژیانی هاووڵاتیبوونی چالاك، دەبێتە مرۆڤێکی گەشەکردووتر و سەرڕاستر. کەوابوو تێکۆشانی سیاسی، چاکەیێکی گەوریە و دەبێتە هۆی بەختەوەری مرۆڤ، هەروەها دەبێتە هۆی لێهاتوویی مرۆڤ لەچارەسەری مەسەلەکان و زاڵبوون بەسەر کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا. ئەرەستوو باشترین چاکە و بەختەوەری بە هەبوونی کاتی بێکاری و تەرخانکردنی ئەو کاتە بۆ ژیانی سیاسی و تێکۆشانی فکری و سیاسی دەزانێ.

نووسەر، موحسین حەیدەریان

سەرچاوە، ماڵپەری (ایران امروز)

گۆڤاری ئایدیا

***